دەڵێت منیش هەست و سۆز و دڵێکم هەیە..

# ئێڤرا: بەخوا منیش مرۆڤم نەک ئاژەڵ




رووداوی وەرزشی ـ CNBC

پاتریس ئێڤرا، یاریزانی فەرەنسی بە رەگەز سەنیگالی رایگەیاند رۆژنامەکان وێنەیەکی درۆزنانەیان بۆ ئەو کێشاوەو دەیانەوێت ئەو لەبەرچاوی فەرەنسا و جیهان ناشیرین بکەن و گوتی «منیش مرۆڤم نەک ئاژەڵ».

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئێڤرا، رۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی بەمشێوەیە پرسیارێکی ئاراستەی ئەو بەرگریکارەی یانەی یوڤانتۆس و هەڵبژاردەی فەرەنسا کرد: ئایا راستە تۆ هیچ سۆز و رەحمێکت لەدڵدا نییە، بەبەڵگەی ئەوەی کە خوشکت لە رووداوێکی دڵتەزێن و ترسێنەردا مردووە، تۆ یەک فرمێسکت لەچاو نەهاتووەتە خوارەوە؟!. ئێڤرا لە وەڵامدا گوتی «راستە، کاتێک خوشکم مرد، نەمتوانی یەک فرمێسک برێژم، تەنانەت دایکم پێیگوتم کوڕەکەم پێویستە بگرییێ، گوتم دایکە ناتوانم. بەڵام ئەوە هەرگیز مانای ئەوە نییە کە من سۆز و رەحمم نییە، منیش مرۆڤم نەک ئاژەڵ». ئێڤرا لە درێژەی وەڵامەکەیدا گوتی «ئەوە کۆمەڵێک رۆژنامەو رۆژنامەنووسن دەیانەوێ بەمشێوەیە وێنەو کەسایەتی من لای فەرەنسییەکان ناشیرین بکەن، بەڵام بەخوا منیش وەک ئەوان مرۆڤم و هەست و سۆزم هەیە».

ئێڤرا، کە ئێستا تەمەنی 35 ساڵە، دووپاتیدەکاتەوە کە ئەو مەسیحییەکی دیندارە، پابەندە بە ئایینەکەی و دەڵێت «من لە ئامێزی خێزانێکدا گەورە بوومەو هێشتا لە چوارچێوەی خێزانەکەمدا دەژیم، هیچ گوێ بەو قسەو تۆمەتانە نادەم».

WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (401) سێشەممە 2016/5/24 3ی جۆزەردان - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## توێژینەوەیەکی زانستیی سویسری و ماڵپەڕی هو سکۆردی جیهانی دووپاتیدەکەنەوە..



# باشترینی 2016

"ئەگەر ریال مەدرید نازناوی چامپیۆنسلیگ بباتەوە رۆناڵدۆ نزیکترینی باڵۆن دۆرە"

LOTTO

براوەکانی چلوحەفتەمین لۆتۆی (رووداوی وەرزشی):

1 ـ دڵسۆز رەشید محەممەد. 2 ـ دانەر محەممەد رەشید 3. خالید ئەحمەد رەسوڵ. 4 ـ ئەحمەد خدر کاکەخان. 5 ـ سالار عەبدولڕەحمان سەلام

8

لە فینالی چامپیۆنسلیگدا..

## زێدان بەهەمان چەکی سیمیۆنی شەڕی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەکات

6 و 7

# لە لالیگادا فێڵ لە ریال مەدرید کراوە

3

### یەکەمجارە

لە هەولێر بۆ یەکەمجار کۆمپانیایەکی ئەهلی خولێکی تۆپی سەرمێز بۆ یاریزانە پیشەگەرەکانی ئەو یارییە دەکاتەوە، کە یاریزانانی هەولێر و دەوروبەری بەشدار دەبن. جوتیار جەمالی بەڕێوەبەری سمایلاند لە تابلۆ مۆل، کە سەرپەرشتی خولەکە دەکات، لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «دەبوایە خولەکە لە 12 و 13ی ئەم مانگە بەڕێوەبچێت، بەڵام وەک ڕێزلێنانێک لەو 3 کەسایەتییە وەرزشییەی کورد، کە بە ڕووداوێکی هاتوچۆ گیانیان لەدەستدا، خولەکەمان دواخست بۆ ڕۆژانی 25 و 26ی ئەم مانگە، کە دوو ڕۆژ دەخایەنێت و یاریزانانی یانەکانی هەولێر، کۆیە و مەخمۆریش بەشداری دەکەن». هەروەها گوتیشی «بڕیار بوو یاریزانانی سلێمانیش بەشدارین، بەڵام لەبەر تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ نەیاتوانی بەشدارین».

بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی کۆنیفا بۆ هەڵبژاردەی هەرێمەکان..

# هەڵبژاردەی کوردستان بە فڕۆکەیەکی تایبەت دەچێتە ئەبخاریا



## بەڕێوەبەری هەڵبژاردەی کوردستان:
## پێکهاتەی ئەمساڵی هەڵبژاردەی کوردستان لە هەموو ساڵانی پێشووتر بەهێزترە

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**ڕووداوی وەرزشی - هەولێر**

هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان، بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی کۆنیفا بۆ هەڵبژاردەی هەرێمەکان، ڕۆژی پێنجشەممە 2016/5/26 بە فڕۆکەیەکی تایبەت لە هەولێرەوە بەرەو هەرێمی ئەبخازیای ڕووسیا گەشتدەکات.

شاندی هەڵبژاردەی کوردستان کە لە 41 کەس پێکهاتووە، بە سەرۆکایەتی سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، ڕاستەوخۆ لە هەولێرەوە بەرەو هەرێمی ئەبخازیا بە فڕۆکەیەکی تایبەتی دەفڕن.

دڵشاد ساڵح، ئەندامی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و بەڕێوەبەری هەڵبژاردەی کوردستان بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند، هەڵبژاردەی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر باش بۆ پاڵەوانیەتییەکە ئامادەیە، هەرچەندە ئاماژەی بەوەدا کە زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر تیپەکانی کۆمەڵەکەیان نییە.

هەڵبژاردەی کوردستان لە دووەم پاڵەوانیەتی کۆنیفا بەشداری دەکات، کە 28ی ئەم مانگە لە هەرێمی ئەبخازیای ڕووسیا دەستپێدەکات و 12 تیپی هەرێمەکان بەشدارن، کە بەسەر چوار کۆمەڵەدا دابەشکراون.

کوردستان لە کۆمەڵەی دووەمە هاوشانی هەریەک لە هەڵبژاردەکانی سزیکلیلاند و کۆریای یەکگرتوو، یەکەم یاریشی بەرامبەر سزیکلیلاند دەبێت لە 29ی ئەم مانگە و دواتر 31ی مانگیش بەرامبەر کۆریای یەکگرتوو یاری دەکات.

هەڵبژاردەی کوردستان، کە لە یاریزانانی یانەکانی باشووری کوردستان پێکهاتووە و خەسرەو گۆرون ڕاهێنەری تیپەکەیە، لە سەرەتای ئەم مانگەوە دەستی بە مەشق و ڕاهێنان کردووە بۆ خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانیەتی کۆنیفا، تاوەکو ئێستاش دوو یاری دۆستانەی ئەنجامداوە، کە لە یاری یەکەمدا بە 1 - 0 گۆڵ لە یانەی گازی باکووری بردەوە، یاری دووەمیش بە ئەنجامی 3 - 1 گۆڵ لە یانەی گارەیان بردەوە، کە هەردوو یانە لە پلە یەکەکانی کوردستانن، بڕیاریشە سبەی چوارشەممە 2016/5/25 جارێکی دیکە لەگەڵ یانەی گازی باکوور یاری بکات وەک دوایاری ئامادەکاری.

ئەو تیپانەی کوردستان یاری ئامادەکاری لەگەڵ کردوون، تیپی زۆر بەهێز و گەورە نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا دڵشاد ساڵحی بەڕێوەبەری تیپەکە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «پێکهاتەی ئەمجارەی هەڵبژاردەی کوردستان لە پێکهاتەی هەموو ساڵانی ڕابردوو باشتر و بەهێزترە، بڕواشمان وایە ئەنجامی باش تۆمار دەکات».

کوردستان لە پاڵەوانیەتی ڕابردووی کۆنیفا، کە لە سوێد بەڕێوەچوو، پلەی شەشەمی بەدەستهێنا، بەڵام ئەمجارە تیپەکە بەهیوای ئەنجامی باشتر ڕوو دەکاتە ئەبخازیا.

دڵشاد ساڵح، ئاماژەی بەوەدا «پێکهاتەی ئەمجارە یاریزانی زۆر باشی لەخۆگرتووە، بەتایبەتی ئەو یاریزانانەی کە لە خولی عێراق یاری دەکەن، بەڵام پێشتر ئەو هەلەمان نەبوو سوود لە هەموو یاریزانە باشەکان وەربگرین».

### بۆچوونی جیاواز و ڕەخنە هەیە

هەرچەندە بەڕێوەبەری هەڵبژاردەی کوردستان پێیوایە تیپەکە بەشێوەیەکی باش ئامادەکاری کردووە و یاریزانی ئاستبەرزی لەخۆگرتووە، بەڵام بۆچوونی جیاوازیش هەیە و پێیانوایە تیپەکە مەشق و ئامادەکارییەکانی وەک پێویست نییە.

ڕێبین ڕەمزی، چاودێری وەرزشیی لە وتارێکدا لە ئەکاونتی خۆی لە فەیسبووک، ڕەخنەی لە هەڵبژاردەکە و مەشق و ئامادەکارییەکانی گرتووە و پێیوایە، تیپەکە بەبێ پلانێکی دیاریکراو یاری دەکات، هەروەها نووسیویەتی «ڕاهێنەر نەیتوانیوە کەسایەتی و بیرۆکەی خۆی بەسەر تیپەکەدا بسەپێنێت، جگە لەوەش لە مەشقەکاندا پاڵەپەستۆی زۆر دەخاتە سەر یاریزانەکان بۆ ئەوەی توانای جەستەییان بەرز بێت، لە کاتێکدا یاریزانەکان کێشەی توانای جەستەییان نییە و بگرە پێویستیان بە پشوو و حەوانەوەی زیاتر هەیە».

### ڤیزا ئامادەیە

لە ڕۆژانی ڕابردوودا باسی ئەوە کرا کە ڤیزای ئەندامانی شاندەکە نەگەڕاوەتەوە و تیپەکە کێشەی هەیە، بەڵام دڵشاد ساڵح ڕایگەیاند «ڤیزای تەواوی ئەندامانی شاندەکە گەڕاوەنەتەوە و ئامادەیە و هیچ کێشەیەکیان لەو بارەوە نییە».

پێشتر و لە بەشدارییەکانی پێشوودا، هەڵبژاردەی کوردستان کێشەی لە ڤیزای ئەندامانی شاندەکەی بۆ دروستبووە و جار هەبووە یاریزان، یان ڕاهێنەر یان کارگێڕی تیپەکە بەهۆی وەرنەگرتنی ڤیزاوە نەیانتوانیوە گەشت بکات.

### بەشدارییەکی دیکە

هەڵبژاردەی کوردستان لەوەتەی 2008ـەوە بەشداریی پاڵەوانیەتیی هەرێمەکان دەکات، کە پێشتر لە ژێر ناوی جامی جیهانیی ڤیڤاوە ئەنجامدەدرا، دوو جار پلەی دووەمی بەدەستهێناوە و یەک جاریش بووەتە پاڵەوان، کە ساڵی 2012 بوو، کاتێک باشووری کوردستان و هەولێری پایتەخت میوانداری پاڵەوانیەتییەکەی کرد.

ئێستاش پاڵەوانیەتییەکە لە ژێر ناوی جامی کۆنیفا بەڕێوەدەچێت، کە لەلایەن ڕێکخراوی کۆنیفاوە بەڕێوەدەبردرێت و ڕێکخراوێکی نوێیە و بایەخ بە وەرزشی هەرێمەکان دەدات، ئەوانەی وڵاتی سەربەخۆیان نییە.

4 یانە گرێبەستیان پێشکەش کردووە..

# بابۆ هەر بە پێشمەرگە دەمێنێتەوە

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی - پیرمام**

سەمیر بابۆ، ڕاهێنەری تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «چوار یانەی کوردستان داوای گرێبەستیان لێکردوومە، بەڵام لەگەڵ پێشمەرگە بەردەوام دەبم».

سەمیر بابۆ، ڕاهێنەری لاوی شاری هەولێر کە ماوەی دوو وەرزە گرێبەستی لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر مۆرکردووەو ماوەی گرێبەستەکەی 4 ساڵە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمساڵ توانی پلەی دووەمی خولی نایابی کوردستان بەدەستبێنێت، چەندین یانە داوای گرێبەستیان لێکردووە بۆ ئەوەی سەرپەرشتی تیپەکانی تۆپی پێیان بکات لە هەردوو خولی کوردستان و عێراق، بەڵام وادیارە سەمیر دەیەوێ بۆ چەندین ساڵی دیکە هەر بە پێشمەرگە بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو پلان و بەرنامەی بۆ یانەکەی دایڕشتووە جێبەجێبکات.

لەو بارەوە سەمیر بابۆ بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «لەلایەن 4 یانەی هەردوو شاری هەولێر و دهۆک گرێبەستم پێشکەشکراوە بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێدا سەرپەرشتی تیپەکانیان بکەم، بەڵام هیچ بەڵێنێکم بە کارگێڕانی ئەو یانانە نەداوە، چونکە بۆ 2 ساڵی دیکە ماوەی گرێبەستم لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر ماوە، گرێبەستی من بۆ 4 ساڵە، بەڵام هەموو ساڵێک بە ڕەزامەندی هەردوولامان نوێمان کردووەتەوە، ئەمساڵیش تاوەکو ئێستا لەگەڵ کارگێڕی یانەی پێشمەرگە دانەنیشتوومە، بەڵام ئەو یانەیە یانەی خۆمەو من پەیوەست دەبم بەو گرێبەستەی لەگەڵ یانەکەمدا هەمە».

هەروەها بابۆ گوتیشی «دەمەوێ لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئاستی باشتر پێشکەش بکەم، بۆ ساڵی داهاتوو پلان و بەرنامەی تایبەتی خۆمان دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی یانەکەمان زیاتر بەرز بکەینەوە».



لەبارەی ئەو بڕە پارەی خۆی و یاریزانانی، کە لەلایەن یانەی پێشمەرگەی هەولێر مابوو، بابۆ گوتی «گرفتە داراییەکانی یاریزانانی تیپەکەمان و خۆشمان چارەسەرکرد، بە سوپاسەوە ئیدارەی یانەکە بەتەواوی هاوکار بوو، توانیمان ئەو گرفتە چارەسەر بکەین و 40 %ی پارەکانمان وەرگرتووە، ئەوەی ماوەش لە داهاتوویەکی نزیکدا کار بۆ وەرگرتنی دەکرێت».

یانەکانی کوردستان، تورکیا و نەمسا داوای دەکەن..

# ڕۆژگار هێشتا بڕیاری نەداوە



## «لە زۆر یانەی ئەورووپاوە گرێبەستم بۆ هاتووە»

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی - هەولێر**

ڕۆژگار زرار، یاریزانی یانەی FAVACی بەشدار لە خولی یانە پلە سێیەکانی نەمسا بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «تاوەکو ئێستا خۆم یەکلایی نەکردووەتەوە، چونکە لە نەمسا، تورکیا و کوردستان داواکراوم بۆ ئەوەی یاری بۆ یەکێک لە یانەکانیان بکەم».

ڕۆژگار زرار، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی تاراوگە، کە ماوەیەکی زۆرە لە خولی نەمسا یاری بۆ یانەی FAVACی پلە سێی ئەو وڵاتە دەکات و پێشووتریش یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان کردووە. ئەو ئێستا سەرقاڵی ئەنجامدانی یارییەکانی خۆیەتی لەگەڵ یانەکەی لە نەمسا، بەڵام هەوڵ بۆ ئەوە دەدات گرێبەستی تازە مۆربکات، کە وەک خۆی دەڵێت «لە نەمسا، تورکیا و کوردستان داواکراوم».

ڕۆژگار زرار، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاماژەی بەوەکرد کە ئێستا لە بیرکردنەوەدایە بۆ ئەوەی بۆ خۆی یانەیەکی باش هەڵبژێرێت و گوتی «من تاوەکو ئێستا لەگەڵ یانەی FAVAC سەرقاڵی ئەنجامدانی یارییەکانم و ئاستێکی باشیشم پێشکەش کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی چەند گرێبەستێکم بۆ هاتووە لە دوای مانگی ڕەمەزان دەگەڕێمەوە کوردستان و شاری هەولێری خۆشەویست، چونکە لەگەڵ چەند یانەیەکی ئەو شارە قسەمان کردووە بۆ ئەوەی بتوانم یاری بۆ یەکێکیان بکەم، هەروەها جگە لە یانەکانی شاری هەولێر چەند یانەیەک لە شاری دهۆکیش پەیوەندیان پێوە کردوومە، لەبەرئەوە لەدوای تەواوبوونی مانگی ڕەمەزان قسە لەگەڵ یانەکان دەکەم و ئەگەر لەگەڵ هەر یانەیەک ڕێککەوتم ئەوکاتە هەموو شتەکان ئاشکرا دەکەم».

ڕۆژگار، پێیباش نەبوو ئێستا قسە لەسەر هیچ شتێک بکات، کە پەیوەندی بە گرێبەستەوە هەبێت «ئێستا نامەوێ هیچ شتێک ئاشکرا بکەم، چونکە کارەکانم بە کۆتایی نەهاتوون، هەر ئەوەندە دەڵێم زیاتر لە 3 یانەی دوو شاری کوردستان داوای گرێبەستیان لێکردووم».

لە بارەی ئەو گرێبەستەی لە تورکیاوە بۆی هاتووە، ڕۆژگار گوتی «لە یانەی ترابزۆنی خولی پلە دووی تورکی گرێبەستێکم بۆ هاتووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ شتێک فەرمی نییە لەنێوان من و یانەکەدا». هەروەها یاریزانی ناوبراو گوتیشی «یانەی FAVACیش کە ئێستا یاری بۆ دەکەم، داوای نوێکردنەوەی گرێبەستی لێکردوومە، بەڵام جارێ وەڵامی ئەویشم نەداوەتەوە، من دەمەوێ بە گفتوگۆ کارەکانم بە کۆتایی بهێنم، بۆیە بەفەرمی لەگەڵ هیچیان ڕێکنەکەوتوومە، یانە زۆرە بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم، تەنانەت لە شارەکانی ئەورووپاشەوە گرێبەستم بۆ هاتوون».




ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەڕی "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

korektel.com
411

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (401) سێشەممە 2016/5/24




## یەک پاوەند

یانەی بلاکپۆلی ئینگلیزی گۆڵپارێزەکەی کۆلین دیول، تەنیا بە 1 پاوەند دەفرۆشێتە هەر یانەیەک بیەوێ گرێبەستی لەگەڵدا بکات. لەو بارەوە ماڵپەری سپۆرتس مۆلی ئینگلیزی باس لەوە دەکات، هەر یانەیەک بیەوێ گۆڵپارێزی ئێرلەندی کۆلین دویلی بکرێ، دەبێت یەک پاوەند بداتە یانەی بلاکپۆل، کە دابەزیوەتە ریزی یانە پلە چوارەکانی ئینگلتەرا. دویل برگەیەکی لە گرێبەستەکەی لەگەڵ بلاکپۆل داناوە، کە رێگەی پێدەدات بچێتە هەر یانەیەک بە بڕی تەنیا یەک پاوەند، ئەگەر تیپەکە دابەزێتە ریزی یانە پلە چوارەکانی ئینگلتەرا.

### بەپێی توێژینەوەیەکی زانستیی سویسری و ماڵپەڕی هو سکۆردی جیهانی..

# مێسی باشترینی 2016



**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

زۆر لە خەڵکی پێیانوایە دەرفەتی لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی بۆ بەدەستهێنانی شەشەم خەڵاتی باڵۆن دۆر لە مێژوویی خۆی و دووەم لەدوای یەکدا، زۆر دوورە، بەتایبەتی دوای دەرچوونی بارسێلۆنا لە چارەکی کۆتایی چامپیۆنسلیگ بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید، بەڵام راستییەکە وا نییە. توێژینەوە زانستی و ئامارەکان قسەیەکی دیکە دەکەن.

### ئامارەکان شایەتی دەدەن

مێسی لە 2016 باشترین یاریزانی جیهانە لە لایەنی ژمارەوە، چونکە بەشداری لە تۆماکردن و دروستکردنی 52 گۆڵ کردووە، 29 گۆڵی تۆمارکردووە و 23 گۆڵیشی دروستکردووە، لەدوای ئەو سوارێز دێت بە 51 گۆڵ، 34 گۆڵی تۆمارکردووەو 17 گۆڵیشی دروستکردووە، ئەگەر لیۆ لەسەر ئەو ریتمە بەردەوام بێت، لە کۆتایی ساڵەکەدا لە لوتکە دەبێت، ئەوەش لەوانەیە یارمەتی بدات بەهێزەوە رکابەری لەسەر خەڵاتی باڵۆن دۆر بکات، وەک ئەوەی لە ساڵی 2010 روویدا، کە نازناوی مۆندیال و چامپیۆنسلیگی لەدەستدا، بەڵام لە رووی ژمارەوە ساڵێکی ناوازەی پێشکەشکردو لە کۆتاییدا خەڵاتەکەی بردەوە.

### دەرفەتێکی زێڕین

مێسی دەرفەتێکی گەورەی لەپێشە، ئەگەر ئەرجەنتین نازناوی کۆپا ئەمریکا بەدەستبێنێت لەم هاوینەدا، لەو کاتەی ئەستەمە لەوانەیە مەحاڵیش بێت هەڵبژاردەی پورتوگال، هەڵبژاردەی رکابەرە باوەکەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ بتوانێت نازناوی یۆرۆی داهاتوو بەدەستبێنێت، هەروەها لەوانەیە دەرفەتەکانی رۆناڵدۆ ئەستەمتر بن، ئەگەر یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید بدۆڕێنێت، بۆیە مێسی لە یاری کۆتاییدا هانی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەدات، چونکە ئەو راستییە دەزانێت کە ئەستێرەکانی ئەتلەتیکۆ مەدرید ئەو وێنە رێکلامییەیان نییە، کە رێگەیان پێبدات رکابەری لەسەر خەڵاتی باڵۆن دۆردا بکەن. هەرچەندە لەوانەیە مەحاڵ بێت مێسی رکابەری لەسەر خەڵاتەکە بکات، ئەگەر گریزمان نازناوی چامپیۆنسلیگ لەگەڵ ئەتلەتیکۆ مەدرید و یۆرۆی 2016 لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا بەدەستبێنێت.

### توێژینەوەیەکی زانستی سویسری

رۆژنامەی ویلۆبای کەتالۆنی باس لەوە دەکات، کە ئەنجامەکانی لێکۆلینەوەیەکی شیکاریی سویسری، نازناوی باشترین هێرشبەری جیهان لە وەرزی 2015 ـ 2016 بە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسێلۆنای ئیسپانی بەخشیوە. شیکارەکە پشتی بە چەندین لایەن بەستووە، دیارترینیان یاریکردن بە یاریزانان، شووتلێدان و دروستکردنی دەرفەتە بەرامبەر گۆڵ. مێسی لە پلەی یەکەم دێت و دوای ئەو زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی هێرشبەری پاریس سانجێرمان دێت. پاشان نەیماری یاریزانی بارسا، لویس سوارێز هێرشبەری بارسا و پاولۆ دیبالای هێرشبەری یوڤانتۆس. کریستیانۆ رۆناڵدۆی هێرشبەری ریال مەدرید لە پلەی شەشەم دێت، ئینجا رافائیل دی ئاراوخۆی هێرشبەری بورۆسیا مونشنگلادباخی ئەڵمانی. دوای ئەو تۆماس مۆلەری هێرشبەری بایرن میونشن، ئینجا لۆکاس پیرێزی هێرشبەری دیپۆرتیڤۆ لاکۆرۆنیای ئیسپانی دێن. گۆنزالۆ هیگواینی هێرشبەری ناپۆلی ئیتاڵیش لە پلەی دەیەم دێت.

### رۆناڵدۆ بۆ دەرەوە

ئەوەی زۆر جێگەی سەرنجە، دوورخستنەوەی ناوی کریستیانۆ رۆناڵدۆی رکابەری چەندین ساڵی مێسییە، لە پێکهاتەی نموونەیی لالیگا و پێکهاتەی نموونەیی هەر پێنج گەورە خولی تۆپی پێی ئەورووپا، کە ساڵانە ماڵپەڕی هو سکۆردی بەناوبانگی تایبەت بە ئامار و ژمارەکان، بەپێی چەند پێوەرێکی زانستی دادەنێت و لەلایەن میدیای جیهانییەوە زۆر بایەخی پێدەدرێت. لەوەش قورستر بۆ رۆناڵدۆ ئەوەیە کە لە هەردوو پێکهاتەکەدا مێسی زۆرترین خاڵی پێدراوەو بە باشترین یاریزانی ساڵی 2016 دانراوە.

### هو سکۆرد پێکهاتەی لالیگای بەمشێوەیە داناوە:

**گۆڵپارێز:** کەیلۆر ناڤاس (ریال مەدرید)، 7.1 خاڵ.

**هێڵی بەرگری:** فیلیپی لویس (ئەتلەتیکۆ مەدرید)، 7.6 خاڵ. شکودران موستافی (ڤالنسیا)، 7.3 خاڵ. دییگۆ گۆدین (ئەتلەتیکۆ مەدرید)، 7.5 خاڵ. دانیلۆ (ریال مەدرید)، 7.3 خاڵ.

**هێڵی ناوەڕاست:** نەیمار دا سیلڤا (بارسێلۆنا)، 8.4 خاڵ. لۆکا مۆدریچ (ریال مەدرید)، 7.4 خاڵ. کۆکی (ئەتلەتیکۆ مەدرید)، 7.5 خاڵ. لیۆنێل مێسی (بارسێلۆنا)، 8.5 خاڵ.

**هێڵی هێرشبردن:** لویس سوارێز (بارسێلۆنا) 8 خاڵ. گاریس بەیڵ (ریال مەدرید)، 8.1 خاڵ.

### هو سکۆرد پێکهاتەی 5 گەورە خولی ئەورووپای بەمشێوەیە داناوە:

**گۆڵپارێز:** کەیلۆر ناڤاس (ریال مەدرید)، 7.12 خاڵ.

**هێڵی بەرگری:** فیلیپی لویس (ئەتلەتیکۆ مەدرید)، 7.60 خاڵ. فیرجیل ڤان دیک (ساوسهامبتۆن)، 7.56 خاڵ. تیاگۆ سیلڤا (پاریس سانجێرمان)، 7.65. سێرجی ئۆرێر (پاریس سانجێرمان)، 7.75 خاڵ.

**هێڵی ناوەڕاست:** نەیمار دا سیلڤا (بارسێلۆنا)، 8.44 خاڵ. پۆل پۆگبا (یوڤانتۆس)، 7.81 خاڵ. مۆسا دیمبلی (تۆتنهام)، 7.69 خاڵ. لیۆنێل مێسی (بارسێلۆنا)، 8.46 خاڵ.

**هێڵی هێرشبردن:** لویس سوارێز (بارسێلۆنا)، 8.01 خاڵ. زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ (پاریس سانجێرمان)، 8.29 خاڵ.

> «ئەگەر گریزمان نازناوی چامپیۆنسلیگ و یۆرۆ بباتەوە، مەحاڵە باڵۆن دۆر بدرێتە مێسی»

### ژمارەکانی لیۆ

بە گەڕانەوە بۆ مێسی دەبینین ژمارە پێوانەییەکانی رۆژ لە دوای رۆژ لە زیادبوون دان. لە لیگادا مێسی 347 یاری کردووە و 312 گۆڵی تۆمارکردووە، واتە گۆڵکاری مێژوویی لالیگایە، 128 گۆڵیشی دروستکردووەو دروستکەری یاری مێژوویی لیگاشە، تاوەکو ئێستا 7 جار نازناوەکەشی بەدەستهێناوە. مێسی بە درێژایی کاروانی وەرزشیی خۆی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و بارسا 636 یاری کردووە و 503 گۆڵیشی تۆمارکردووە، 38 هاتریکی هەیە و 27 نازناویشی بەدەستهێناوە، لەم وەرزەدا 7 لێدانی راستەوخۆی تۆمارکردووەو پەرەیەکی زۆری بەو بەهرەیە داوە، ئەوەش گەورەترین ژمارەیە لەسەر ئاستی هەموو خولە گەورەکانی ئەورووپادا.

> «مێسی حەزدەکات چامپیۆنسلیگ بۆ ئەتلەتیکۆ مەدرید بێت، چونکە دەزانێت دۆڕانی ریال مەدرید واتە لەدەستدانی باڵۆن دۆر لەلایەن رۆناڵدۆیەوە»

### کلۆپ و یاریزانەکانی دوای دۆڕان لە فینالی یۆرۆپالیگ گۆرانی دەڵێن..

# شۆڕشی سوور دەستپێدەکات



**ڕووداوی وەرزشی ـ DAILY MAIL**

یۆرگن کلۆپ، راهێنەری یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی بڕیاریدا خۆی و یاریزانەکانی خۆیان بەدەستەوە نەدەن، بەڵام لە هەمان کاتدا پاشگەز بووەوە لەو بڕیارەی کە پێشتر رایگەیاندبوو «بۆ وەرزی داهاتوو تەنیا پێویستیم بە 3 یاریزانی نوێ هەیە». ئەو راهێنەرە بڕیاریدا شۆڕشێک لە یانە سوورەکە هەڵبگیرسێنێت.

دوای شکستەکەی لیڤەرپوول بەرامبەر یانەی سڤیلیای ئیسپانی لە یاری کۆتایی یۆرۆپالیگدا، کە بووە دووەمجار ئەو یانەیە لە ماوەی 3 مانگدا یاری فینال بدۆڕێنێت، یۆرگن کلۆپی راهێنەری ئەڵمانی یانە درێس سوورە ئینگلیزییەکە، لە ژووری جلگۆڕیندا هەمووانی تووشی سەرسوڕمان کرد، کاتێک بە مەبەستی ورە بەرزکردنەوەو خۆبەدەستەوە نەدانی یاریزانەکانی، فەرمانی پێکردن هەمووان لەگەڵ ئەو بە دەنگی بەرزەوە گۆرانی تایبەت بە یانەکەیان بڵێن و خۆیشی وتارێکی پڕ لە حەماسەتی بۆ دان و پێیگوتن «هەرگیز خۆمان بەدەستەوە نادەین، بەڵێنتان پێدەدەم کە بە نزیکترین کات دەگەینەوە چەندین یاری کۆتایی دیکە».

کلۆپ، کە هەمیشە بە «پیاوی دۆڕاو لە فیناڵەکان» ناودەبرێت، رازی نەبوو ئاڵای سپی بەرز بکاتەوەو گوتی «ئەگەر لە چەندین فینالی دیکەش بدۆڕێم هەر بێئومێد نابم، چونکە دەزانم خوا بۆی نەنووسیوم کە لە هەموو فیناڵەکان بدۆڕێم».

بەڵام ئەو دوو دۆڕانە، بەتایبەتیش فینالی یۆرۆپالیگ، وای لە کلۆپ کرد لە بڕیارەکەی پاشگەز بێتەوە، کە نەیدەویست گرێبەست لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانان مۆربکات، چونکە بۆی دەرکەوت کە بێ پشتبەستن بە هەندێ توانای دیکە زەحمەتە نازناوەکان بۆ یانەی ریدز بباتەوە، بۆیە وەک رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی ئاماژەی بۆ کردووە «کلۆپ بڕیاریداوە شۆڕشێک لە یانەکەی بەرپا بکات و بەلای کەمەوە گرێبەست لەگەڵ 10 یاریزانی نوێ مۆربکات». کە بێگومان ئەمەش مانای ئەوە دەگەینێت کە یانەکە گۆڕانێکی سەرانسەری لە پێکهاتەکەیدا دەکات.

> «لە چەند فینالی دیکەش بدۆڕێم هەر بێئومێد نابم، چونکە دەزانم خوا بۆی نەنووسیوم کە لە هەموو فینالەکان بدۆڕێم»

### بێئەوەی بارسا ئاگاداری بێت..

# فێڵ لە ریال مەدرید کراوە



> «بە پیلانێک نازناوی لیگا دراوەتە بارسێلۆنا»

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

شرۆڤەکارێکی خولی تۆپی پێی ئیسپانیا ئاشکرای دەکات کە بەپێی پیلانێک، کە یانەی سڤیلیا دایڕشتووە، فێڵ لە ریال مەدرید کراوەو نازناوی لالیگا بە بارسێلۆنا دراوە.

هەرچەندە بەر لە ئەنجامدانی یارییەکانی دوایین گەڕی لالیگا، زۆر باس لەوە کرا کە ریال مەدرید لە رێگەی جانتا رەشەکانەوە پارەیەکی زۆری بە بەرتیل داوەتە یاریزانانی یانەی گرانادا، بۆ ئەوەی بتوانن لە یانەی بارسێلۆنا ببەنەوەو نازناوی لیگا بۆ ریال مەدرید بمێنێتەوە، تەنانەت راهێنەر و یاریزانانی گراناداش هەڕەشەی زۆریان لە بارسا کرد و خۆیان وا نیشاندا کە ئەوان هەموو شتێک لەپێناو بردنەوە لە بارسا دەکەن، بەڵام دواتر دەرکەوت پیلانەکە رێک پێچەوانەیە، واتە بۆ فێڵ کردنە لە ریال مەدرید، بەڵام بێئەوەی بارسێلۆنا ئاگادار بێت و دەستی لە پیلانەکە هەبێت.

شرۆڤەکارێکی لالیگا ئەم قسانەی ئاشکراکردووەو دەڵێت «یانەی سڤیلیا پیلانەکەی دارشتبوو بۆ ئەوەی خۆی سوودمەند بێت و بە ئامانجەکانیشی گەیشت».

ئەو شرۆڤەکارە لەبارەی هەردوو یاری بارسێلۆنا و ریال مەدرید لە دوایین گەڕی لالیگا و لێکەوتەکانی گەڕی پێش کۆتایی قسە دەکات، ببینن چۆن فێڵ کراوە.. ئەو دەڵێت «سڤیلیا پلەی 7ی لیگای مسۆگەر کردبوو و دۆڕانی یارییەکەشی بەرامبەر گرانادا بە 1 ـ 4 گۆڵ رێککەوت نەبوو، بەڵکو هەردوولا رێککەوتبوون، ئەگەر گرانادا یارییەکە بباتەوە بە مسۆگەری دەمێنێتەوە، بە مەرجێک بەرامبەر بارسا بە توندی یاری نەکات و زۆر خۆی ماندوو نەکات و نازناوی لیگا نەکاتە دیاری بۆ ریال مەدرید». ئەو قسەکانی زیاتر روونەدەکاتەوەو دەڵێت «بێگومان ئەو کارەی سڤیلیا لەبەر خۆشویستنی بارسا نەبوو، بەڵکو ئەگەر بارسا نازناوی لیگا بەدەستبێنێت، سیڤیلیا بە بڕی 3 یان 4 ملیۆن یۆرۆ خەڵات دەکرێت، چونکە ئەگەر بارسا لیگا بباتەوە سڤیلیا بە مسۆگەری لە یاری جامی سوپەری ئیسپانیا بەشداری دەکات. لە حاڵەتێکدا ئەگەر ریال مەدرید لیگای بردبایەوە، ئەوا لە کاتی دۆڕانی سڤیلیا بەرامبەر بارسا لە یاری کۆتایی جامی شادا ریال مەدرید و بارسێلۆنا یاری سوپەری ئیسپانیایان دەکرد، بەڵام بە بردنەوەی هەردوو نازناو لەلایەن بارساوە، سڤیلیا وەک دووەمی جام لایەنێکی یاری سوپەر دەبێت و پارەکەش وەردەگرێت».

بێجگە لەمەش وەک شرۆڤەکارەکە باسی دەکات «مانەوەی گرانادا لە خولی ئیسپانیاش بۆ بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو تیپ دەگەڕێتەوە، بەو پێیەی هەردووکیان سەر بە ئەندەلوسن».

ئەو شرۆڤەکارە، چەند لێدوان و مانشێتێکی رۆژنامەوانی بە بەڵگە بۆ قسەکانی دەهێنێتەوە، بۆ نموونە «گرانادا سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر سڤیلیا و ئاستێکی نزم بەرامبەر بارسا». کۆمێنتاری یارییەکەی گرانادا و بارساش گوتی «ئەمڕۆ یاریزانانی گرنادا نایانەوێ یاری بکەن».

رووداو وەرزشی
ژمارە (401) سێشەممە 2016/5/24
KOREK
5



## درۆیە

پاولۆ دیبالای هێرشبەری گەنجی ئەرجەنتینی، هەموو ئەو هەواڵانەی بەدرۆ خستەوە کە باس لە ویستی ئەو بۆ جێهێشتنی ریزەکانی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی و چوونە ریزەکانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی دەکەن و دووپاتیکردەوە «درۆیە، من نامەوێ لە یوڤانتۆس برۆم، سەبارەت بە ریال مەدریدیش بروا بکەن هەر لە بنەڕەتدا هیچ کەسێک داوای لێنەکردووم بچمە ریال مەدرید، ئەو قسانە هەمووی دروستکراوی رۆژنامەکانن، من لە یوڤانتۆس نارۆم و ناچمە ریال مەدرید».

حەزی لە خواردنی ژاپۆنییەو بایەخ بە ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکان نادات.

# نهێنییەکانی ژیانی نەیمار

**رووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی 3 ساڵ بەسەر دەستپێکی پەیوەندیکردنی فەرمی نەیمار دا سیلڤای یاریزانی بەرازیلی بە ریزەکانی یانەی بارسێلۆناوە، لەو ماوەیەوە تاوەکو ئێستا رۆژنامەکان توانیویانە هەندێک نهێنی لە بارەی ژیانی تایبەتی نەیمار بەدەستبێنن، لەوانەش رۆژنامەی "ئیلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆ" کە راپۆرتێکی لە بارەی نهێنییەکانی ژیانی ئەو یاریزانە بڵاوکردەوە.

### یارییە ڤیدیۆییەکان

بەهەمان شێوەی یاریزانانی تەمەنی خۆی، نەیمار زۆر خولیای یارییە ڤیدیۆییەکانەو لە کاتی پشوودا بەردەوام خەریکیانە، خۆشترین یارییەکانیش بە لایەوە بریتین لە یارییەکانی فیفا و CALL OF DUTY.

### لەگەڵ باوکی دەژیا

نەیمار لە سەرەتای چوونی بۆ بارسێلۆنا، داوای لە باوکی کردبوو بە تەنیا لە بارسێلۆنا جێینەهێڵێت بۆ ئەوەی هەست بە غوربەت نەکات، بۆیە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ باوکیدا ژیانی بەسەربرد و مانگانەش جارێک سەردانی بەرازیلی دەکرد بۆ ئەوەی دایک و خوشکەکەی ببینێت.

### تەنیا دوو ئۆتۆمبێلی هەیە

نەیمار بەپێچەوانەی زۆربەی ئەستێرەکانی دیکە ئەوەندە حەزی لە زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان نییە، تاوەکو ئێستا تەنیا بە دوو ئۆتۆمبیل بینراوە کە لە شەقامەکانی بارسێلۆنادا دێت و دەڕوات، یەکێکیان بریتیە لە ئۆتۆمبیلی ڤۆلکس واگن توارێگ و ئەوەی دیکەش ئۆدی کیو 7. بۆ زانین ئەمەی دووەمیان بەهۆی گرێبەستەکەی نێوان یانەی بارسێلۆنا و کۆمپانیای ئۆدی دەستی کەوتووە.

### ئێواران لە ماڵەوەیە

نەیمار نازانێت نان و چێشت ئامادە بکات، بۆیەش نیوەڕۆیان لە بارەگای یانەکەی نان دەخوات، بەڵام ئێواران خواردن لە چێشتخانە ژاپۆنییەکانی شاری بارسێلۆنا داوا دەکات. ئەو یاریزانە بەرازیلییە بەوە ناسراوە کە زۆر حەزی لە خواردنی ژاپۆنییە.

### مانگانە جارێک پێڕی خۆی دەبینێت

گرووپی هاوڕێکانی نەیمار، کە بە "تۆیز" ناسراون، مانگانە جارێک سەردانی هاوڕێکەیان دەکەن و سێ چوار رۆژ لەگەڵی دەمێننەوە پێش ئەوەی بەرەو بەرازیل بگەڕێنەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە یەکێک لە بەندەکانی گرێبەستەکەی نەیمار ئەوەبوو کە لە کاتی سەردانیکردنی لەلایەن هاوڕێکانییەوە پێویستە بارسێلۆنا خەرجی هاتن و چوونیان لەئەستۆ بگرێت، بەڵام ئێستا نازانرێت لەلایەن بارسێلۆناوە ئەو بەندە جێبەجێدەکرێت یان نا.

### موزیکی بەرازیلی

ئەو کاتەی لە ماڵەوەیە، نەیمار لە دونیای تۆپی پێ دادەبڕێت و زۆر بەدەگمەن سەیری یارییەک دەکات کە لە تەلەڤزیۆن پیشان دەدرێت، لە بری ئەوەش بە بەردەوامی هێدفۆنەکانی لە گوێ کردووەو گوێی بۆ موزیکە میللی و نیشتمانییەکانی بەرازیل رادێراوە.

### کۆستا نزیکترین هاوڕێیەتی

لە سایەی دووری لە هاوڕێیە بەرازیلیەکانییەوە، ئێستا نەیمار هاوڕێیەکی نزیکی بۆ خۆی دروستکردووە کە ئەلڤارۆ کۆستایە. کۆستا ئەو بریکارەیە کە پێداویستییەکانی یاریزانانی یانەی بارسێلۆنا لە کۆمپانیای نایک دابین دەکات.



بواتینگ پێیوایە گواردیۆلا بە هەڵەدا چووە..

# "لیستەر سیتی ناتوانێت نازناوی بۆندسلیگا بباتەوە"



**رووداوی وەرزشی ـ ESPN**

جیرۆم بواتینگ، بەرگریکاری یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە لێدوانێکی سەرنجڕاکێشدا لە بارەی پیپ گواردیۆلای راهێنەرە کۆنەکەی، لە گەورەیی یانەی لیستەر سیتی و خولی پریمەرلیگ کەمدەکاتەوەو دەڵێت "پاڵەوانی پریمەرلیگ ناتوانێت ببێتە پاڵەوانی بۆندسلیگا".

جیرۆم بواتینگ، کە پێشتر یاری بۆ یانەی مانچستەر سیتی کردووە، بەر لەوەی ساڵی 2011 روو بکاتە ریزەکانی بایرن میونشن. لە لێدوانێکدا بۆ تۆڕی ESPNی بەناوبانگ گوتی "یانەی مانچستەر سیتی جیهانێکی زۆر جیاوازە لە تیپەکەی باڤاریا". بواتینگ لە لێدوانەکەیدا زیاتر قسەکانی روونکردەوەو دەڵێت "لەوانەیە پیپ گواردیۆلا لەبەرئەوە بیەوێ بچێتە ئینگلتەرا، چونکە پێیوایە پریمەرلیگ خولێکی قورسە، بەڵام لەگەڵ رێزم بۆ یانەیەکی وەک لیستەر سیتی، ئەوان بەو ئاستەی ئێستایان ناتوانن، لە کۆتایی خولی ئەڵمانیا لە لوتکە بن و ناتوانن ببنە پاڵەوانی بۆندسلیگا". هەروەها بواتینگ روونیشی کردەوە "یاریم بۆ مانچستەر سیتی کردووە، جیهانێکی زۆر جیاوازە لە بایرن، پیپ شتێکی جیاواز چاوەڕوانی دەکات، دەبێ خۆی بە باشی بۆی ئامادە بکات، ئەوان پارەیان هەیە، بەڵام وەک بایرن رێکخستن و هەیکەلیان نییە".

پیپ گواردیۆلا، دوای 3 ساڵ مانەوە لەگەڵ بایرن میونشن و بردنەوەی چەندین نازناو، کە دواییینیان هەردوو نازناوی ئەمساڵی بۆندسلیگا و جامی ئەڵمانیا بوو، وازی لە پۆستەکەی هێنا، گرێبەستێکی لەگەڵ یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی مۆرکردووەو بۆ وەرزی داهاتوو تواناکانی خۆی لە پریمەرلیگ تاقی دەکاتەوە.

...ڕۆیشتنی دا..

# ...ن لێداونە ...ی ئیبراهیمۆڤیچ



### "یانەکە ئەوکاتە لەدایکبوو کە قەتەرییەکان هاتن"

زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ بە لێداونێکی جەماوەری پاریسی تووڕە کرد، دوای ئەوەی گوتی ئەو تیپە ئەوکاتە لەدایکبوو، کە کارگێڕییەکەی کەوتە دەستی قەتەرییەکانەوە، وەک ئاماژەیەکی ئەو بۆ ئەو کارگێڕییە، کە وایکرد تیپەکە لە تۆپی پێی ئەورووپی بدرەوشێتەوە، کاتێک گوتی "یانەکە لە کاتی هاتنی قەتەرییەکان لەدایکبوو، لەگەڵ رێزم بۆ هەموو ئەوانەی پێشتر بەرپرسیاریەتی یانەکەیان لە ئەستۆ گرتووە".

### "ئایا ئێوە لە من باشتر لە تۆپی دەزانن؟"

ئیبراهیمۆڤیچ هێرشی کردە سەر رۆژنامەونووسانی فەرەنسی دوای یارییەک لە ساڵی 2015، کاتێک پێیگوتن "ئایا ئێوە لە من باشتر لە تۆپی دەزانن؟ کەواتە لەبەرچی قسە دەکەن؟ ئێوەی رۆژنامەنووسان؟ کەواتە لەبەرچی کامێرتان بەدەستەوە گرتووە؟ لەوانەیە داهاتتان کەم بێت".

### "ئەو وڵاتە شایستەی پاریس سانجێرمان نییە"

لەوانەیە یەکێک لەو لێدوانانەی مشتومڕێکی زۆری لە فەرەنسا نایەوە ئەوە بێت، ئەوەش دوای یاری تیپەکە لەدژی بۆردۆ بوو، کە ئیبرا هێرشی کردە سەر ناوبژیوانان، هێرشی کردە سەر تیمی ناوبژیوانان و یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا و گوتی "لەو وڵاتەدا پاریس سانجێرمانیان خۆش ناوێ، 15 ساڵە شتی وام نەبینیووە". پاشان یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا، ئیبرای بۆ ماوەی چوار یاری راگرت.

### "وا هەستمکرد کۆمەڵێک منداڵ لێم کۆبوونەتەوە"

ئەو لێدوانە ئاگرینەی ئیبراهیمۆڤیچ دوای دەرکردنی لە چارەکی کۆتایی چامپیۆنسلیگ بەرامبەر چێڵسی ئینگلیزی بوو، دوای ئەوەی یاریزانانی بلوز لێی کۆبوونەوە، پاش ئەو هەڵە گەورەیەی کردی، دوای یارییەکە گوتی "کاتێک یاریزانان چێڵسی لێم کۆبوونەوە، وا هەستمکرد کۆمەڵێک منداڵ لێم کۆبوونەتەوە".

نزیکە لەوەی ببێتە پاڵەوانی پریمەرلیگ..

# ئەو یاریزانەی خەریکبوو لە رقی فێرگسۆن واز لە یاریکردن بێنێت



"لیستەر سیتی دەرفەتی تەمەنی پێبەخشیمەوە"

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

یاریزانێکی یانەی لیستەر سیتی ئینگلیزی، کە ئەمساڵ بووە سوپرایزی پریمەرلیگ، لە هەڤپەیڤینێکدا نهێنییەکی خۆی لەگەڵ تۆپی پێ ئاشکرا دەکات و دەڵێت "ئەوەندە نەمابوو لە رقی ئەلیکس فێرگسۆنی راهێنەری پێشووی یانەی مانچستەر یونایتد بەیەکجاری واز لە یاریکردن بێنم".

دانی درینکواتەر، کە یەکێکە لە ئەستێرەکانی لیستەر سیتی لەم وەرزەی خولی نایابی ئینگلیزیدا، هەڤپەیڤینێکی درێژی لەگەڵ رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی ئەنجامداوەو تێیدا زۆر نهێنی لەبارەی ژیانی خۆی و کاروانی وەرزشییەکەی ئاشکرا دەکات، بەڵام سەرنجڕاکێشترینیان ئەوەبوو کە لە تەمەنی لاویدا لە یانەی مانچستەر یونایتد تووشی هاتووە، لەو پێکهاتەیەی کە دانی ویلبێک، تۆم کلیڤەرلی و چەند یاریزانێکی دیکەی تێدا بوو، کە دەرفەتی تەواویان پێدرا بۆ ئەوەی لە تیپی یەکەم لەژێر سەرپەرشتی سێر ئەلیکس فیرگسۆن دەرکەون، بەڵام ئەو دەرفەتی پێنەدرا لەیەک یاریشدا دەرکەوێت، ئەوەش خەمباری کرد و وایلێکرد ئارەزووی وازهێنان لە تۆپی پێ بکات بە یەکجاری، هەرچەندە تەمەنیشی بچووک بوو.

ئەو ئەستێرەیەی هێڵی ناوەڕاستی یانەی رێوییەکان دانی بەوەدا نا کە لە رقی فێرگسۆن بیری لە وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە تۆپی پێ کردووەتەوەو گوتی "دەمبینی هەندێ یاریزان دەرفەتی تەواویان پێدەدرا یاری بکەن، کەچی من لەوان باشتر بووم لەسەر لاکێشەی سەوز، زۆر هەوڵم دەدا لە مەشقەکان خۆم ماندوو بکەم و باشترین ئاست پێشکەش لەگەڵ تیپی دووەمی مانچستەر یونایتد بکەم، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو، فێرگسۆن خۆشی نەدەویستم". هەروەها گوتیشی "لیستەر سیتی دەرفەتی تەمەنی پێبەخشیمەوە، خۆم دەبینی رۆژانە تازە دەبمەوە لەو یانە نایابەدا، هەموو هەر لە سەرەتاوە پشتیوانم بوون، راهێنەران، یاریزانان، جەماوەر ئەوەش شتێکی زۆر ناوازەیە".



لە راستیدا من لەبەر سووکایەتی پێکردن ناوی سەگەکەم نەکردووەتە مێسی، بەڵکو هەر باوکم و برام ئەو ناوەیان لێناوە نەک من

ئیسکۆ
(یاریزانی یانەی ریال مەدرید)



زەینەدین زێدان بۆ ئەوە لەدایکبووە ببێتە راهێنەر، بەڵام من بۆ ئەوە لەدایک نەبوومە و هەرگیز نابمە راهێنەر

دێڤید بێکهام
(کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا)



لە راستیدا لە ژووری جلگۆڕینی بارسێلۆنادا مێسی و نەیمار وەک دوو کەڵەشێرن و منیش وەک مریشکێکم لە چاویان

لویس سوارێز
(هێرشبەری یانەی بارسێلۆنا)



ئەگەر یاریزانی تۆپی پێ نەبوومایە، وەک باوکم دەبوومە شۆفێری تاکسی، کە بەڕاستی شانازی بەو پیشەی باوکمەوە دەکەم

خیسێ رۆدریگز
(هێرشبەری یانەی ریال مەدرید)



ئیرینا شایک لە ماڵەوە چاوەڕێی رۆناڵدۆ دەبوو، بەڵام ئەو تاوەکو درەنگانی شەو لە ناوەندی مەشقەکان دەمایەوەو دەچووە ناو حەمامی بەفر

کارلۆ ئەنچیلۆتی
(راهێنەری پێشووی ریال مەدرید)



ریال مەدرید تۆپی پێی تێکداوە، لەبەرئەوە تاوەکو لە ژیاندا مابم وا دەکەم ریال مەدرید هەر ئازار بکێشێت

خوان گاسبارت
(سەرۆکی پێشووی یانەی بارسێلۆنا)

ژمارە (401) سێشەممە 2016/5/24



## خۆی دەکوژێت

کچێکی ئینگلیزی بەناوی مای ئەلیکسەندەر ئاشکرایکرد، پێشتر هەوڵیداوە خۆی بکوژێت، لەبەرئەوەی نەیتوانیوە بگاتە خۆشەویستە بەلجیکییەکەی، عەدنان یانوزای یاریزانی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی. لەو بارەوە رۆژنامەی THE SUNی ئینگلیزی باسی ئەو کچە دەکات کە حاڵەتی شەیدایی خۆی بۆ یانوزای بۆی گێڕاوەتەوەو دەڵێت «مای هەست بە ئیرەیی دەکات، کاتێک کچان دەڵێن یانوزای کوڕێکی جوانە. مای بەردەوام هیوای ئەوە دەخوازێت ببێتە هاوسەری یانوزای، تەنانەت ناوی منداڵەکانیشی دیاریکردووە، ئەگەر هاوسەرگیری بکەن».

# یاری کۆتایی خولی پاڵەوانەکانی ئەوروپا..



# زیزۆ بە چەکی خۆیان شەڕیان لەگەڵ دەکـ

سەفین تەها

شەممەی داهاتوو 2016/5/28 کاژێر 9:45 خولەکی شەو بە کاتی باشووری کوردستان، پەردە لەسەر 61یەکەمین پاڵەوانیەتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دادەدرێتەوە، دوای ئەوەی لە کلاکێتی یاری کۆتایی ساڵی 2014دا هەردوو یانەی ریال مەدرید و ئەتلەتیکۆ مەدرید رووبەڕووی یەکدی دەبنەوە.

ئەمە پاڵەوانیەتییە ژمارە 24ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپایە کە لەژێر ناوی یۆفا چامپیۆنسلیگدا بەڕێوەدەچێت و یاریگەی سانسیرۆ لە میلانۆی ئیتاڵیا میوانداری ئەم رووبەڕووبوونەوە بەهێزە دەکات.

## شرۆڤەی یارییەکە

ریال مەدرید بە مێژوویەکی گەورە و ناوێکی زەبەلاحەوە رووبەڕووی تیپیک دەبێتەوە کە هیچیان لەهەگبەدا نییە جگە لە ئازایەتی و چاوقایمی و خۆبەختکردن لەپێناو راهێنەرێکدا کە هەموو یاریزانەکانی وەها راهێناوە شەڕەنگێزانە و بێ سڵکردنەوە رووبەڕووی گەورەترین و باشترینەکانی جیهان ببنەوە.

کۆتایی ئەمساڵ ریال مەدرید لە لالیگای ئیسپانیا 12 یاری لەسەریەک بردەوە و پلەی دووەمی لالیگای بەدەستهێنا، بەڵام دەزانن کۆدی ئەم 12 بردنەوەیە چی بوو؟ بێگومان ئەو کاتەی کە زەینەدین زێدان بووە راهێنەر و یەکەم یاری کە دۆڕاندی بەرامبەر یانەی ئەتلەتکۆ مەدرید بوو، کەواتە لەسەرانسەری ئیسپانیا دوا یانە کە لە ریالی بردبێتەوە تەنیا ئەتلەتیکۆ مەدرید بووە، بەڵام ئایا ریال مەدریدی 3 مانگ پێش ئێستا هەمان تیپە؟.

لەلایەکی دیکەوە هەندێک بۆچوون دەڵێن رێگای ریال مەدرید بۆ یاری کۆتایی وەک ئاو خواردنەوە وابوو بەبەراورد بە رێگا دوورودرێژ و پڕ لەنگەرەکەی ئەتلەتیکۆ مەدرید کە دوو بەهێزترین یانەی جیهانی کردە دەرەوە، ئەمە بۆچوونێکی لۆژیکییە و دەکرێ بە راستی دابنێین، بەڵام سبەی رۆژێ ئەگەر ریال مەدرید جامەکەی بەدەستهێنا لە مێژوودا کەس دەڵێت لە قۆناخی هەشت و چوار ریال لەگەڵ کێ یاریکرد؟!. بێگومان نەخێر، تەنیا دەڵێن «ریال مەدرید بۆ 11ەمین جار نازناوی چامپیۆنسلیگی خستە هەگبەوە».

بێگومان هەموو بۆچوونەکان دەکرێ لەلایەنێکەوە دروستبن، بەڵام ئەوەی گرنگە باسبکرێ رووداوی نێو ئەو 90 خولەکەیە کە یاری تێدادەکرێ.

هەمووان دەزانن ئەتلەتیکۆ مەدرید یانەیەکی چۆنە و یاریکردنی بە چ شێوازێکە، ئەو تیپەی کە 4 ساڵە ئاستی هەڵبەز و دابەزی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەمە سەرەڕای رۆیشتنی زۆربەی ئەستێرەکانی، ئەی هۆکاری ئەمە چییە؟ وەڵامەکەی ئاسانە، هۆکارەکە تەنیا و تەنیا دییێگۆ سیمیۆنی راهێنەرە، کە لە یارییەکاندا دەبێتە مایسترۆی هاندەران و تەکتیکەکانی هەمیشە بریتی بووە لە قوفڵکردنی یانە گەورەکان، بەپێچەوانەشەوە بۆ وەستاندنی هێرشە پڕ مەترسییەکانی هێرشبەرانی ئەتلەتیکۆ مەدرید تاوەکو ئێستا راهێنەرێک نەبووە چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە.

چۆن زێدان بەهەمان چەکی سیمیۆنی بەنیازی شەڕکردنە لە دژی ئەتلەتیکۆ مەدرید؟

لە دوا مەشقەکانی یانەی ریال مەدریددا زێدان تەنیا یاریزانەکان لەسەر ئەوە راهێنا بوو کە چۆن مامەڵە لەگەڵ یاریزانی شەق وەشێن و خاوەن توانایەکی جەستەیی بەهێزدا دەکەن، 3 رۆژ بوو زیزۆ تەنیا هەوڵی بۆ ئەوە دەدا کە چۆن یاریزانەکانی بگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە ئەتلەتیکۆ مەدرید دەکرێ رابگیرێ، بەڵام بەهەمان چەکی خۆی کە لەسەرەوە باسمان کرد.

لە بەرامبەردا دوا لێدوانی سیمیۆنی لەسەر یاری کۆتایی کەمێک دیپلۆماسییانە دەردەکەوێ، ئەو دەڵێت «ریال مەدرید ناچار دەکەین بە هێرشی هەڵگەڕاوە یاری بکەن»، خۆی لە واقیعدا ئەمە پیشەی ئەتلەتیکۆیە، بەڵام دەکرێ سیمیۆنی بۆ هەموو رووداوێک چیرۆکێک دروست بکات.

## ژمارە مێژووییەکانی چامپیۆنسلیگ

3 لە دوایین چوار ساڵدا، 3 جار دوو یانەی یەک وڵات گەیشتوونەتە یاری کۆتایی

14 ریال مەدرید بۆ جاری 14هەمە دەگاتە یاری کۆتایی، زۆرترینە لە مێژوودا

10 ریال مەدرید لەو 14 یاری کۆتاییەدا 10 جار بووەتە پاڵەوان

3 ئەتلەتیکۆ مەدرید ئەمە جاری سێیەمە دەگاتە یاری کۆتایی


2 هەردوو جار ئەتلەتیکۆ مەدرید دۆڕاوە (بایرن میونشن 1974 و ریال مەدرید 2014)

17 شاری مەدرید پێش میلانۆ کەوت لە رووی بەشداری یانەکانی لە یاری کۆتایی، کە 17 جارە

3 هەرگیز لە چامپیۆنسلیگدا ئەتلەتیکۆ مەدرید نەیتوانیوە ریال مەدرید دەربکات

3 زەینەدین زێدان بووە سێیەم راهێنەر کە لە یەکەم وەرزیدا بگاتە یاری کۆتایی

7 زێدان ئەگەر نازناوەکە ببات، دەبێتە حەوتەم کەس کە وەک یاریزان و وەک راهێنەریش ئەو کارە دەکات.



## ژمارەکانی چامپیۆنسلیگی ئەمساڵ

30 بایرن میونشن بە تۆمارکردنی 30 گۆڵ زۆرترین گۆڵی کردووە

2.5 رێژەی گۆڵەکانی بایرن بریتییە لە 2.5 گۆڵ لە هەر یارییەکدا

72 % بارسیلۆنا زۆرترین کۆنترۆڵی تۆپی هەبووە، کە بریتییە لە 72 %

91 % یاریزانانی بایرن میونشن 91 %ی پاسەکانیان دروست بوون

10 ریال مەدرید 10 یارییە گۆڵەکەی پاک راگرتووە

16 کریستیانۆ رۆناڵدۆ گۆڵکارە بە 16 گۆڵ

68 زۆرترین گۆڵ لە خولەکەکانی 76 تاوەکو 90 تۆمارکراون، کە بریتین لە 68 گۆڵ

5 کۆمان، سانچێز و نەیمار زۆرترین گۆڵیان دروستکردووە، کە هەریەکێکیان خاوەنی 5 ئلسیستە

24 زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ زۆرترین ئۆفسایدی لەسەر گیراوە، کە 24 جار کەوتووەتە داوی ئۆفساید

37 کریستیانۆ رۆناڵدۆ زۆرترین لێدانی بۆ ناو گۆڵ هەبووە، کە بریتییە لە 37 شووت

36 فێرناندینهۆی یاریزانی مانچستەر سیتی زۆرترین فاوڵی گرتووە، کە 36 دانەیە

5 جیرۆ، گارسیا و ئاریاس 5 کارتی زەردیان وەرگرتووە، کە زۆرترینەن

554 تۆنی کرووسی یاریزانیر یال مەدرید 554 پاسی دروستی داوەتە هاوڕێکانی، کە زۆرترینە لەم وەرزەدا

37 دییێگۆ گۆدین 37 تۆپی پچڕاندووە لەم وەرزەدا کە زۆرترینە

71 گۆدین 71 هێرشی پووچەڵکردووەتەوەو ئەمەش زۆرترینە.

## کۆنترۆڵی تۆپ پارەو پۆڵ ناکات

یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ئەمساڵ کە






## بچووکترینی مێژوو

یانـەی هۆفنهایمـی ئەڵمانـی زۆر نزیک بوو لەوەی لە بۆندسـلیگاوە دابەزێت بۆ خولی یانە پلـە دووەکانی ئەڵمانیا، بەڵام ڕاهێنەرە گەنجەکەی، جۆلیان ناجلسمانی تەمەن 28 ساڵ، کە بچووکترین ڕاهێنەرە لە مێژووی تۆپی پێدا، توانی تیپەکەی لە دابەزین بپارێزێت. هۆفنهایم بە کۆکردنەوەی 37 خاڵ لە پلەی 17مدایە، بە جیاوازی تەنیا خاڵێک لە یانەی ئینتراخیت فرانکفۆرت، کە بە کۆکردنەوەی 36 خاڵ لە پلەی 18هەمدایەو دادەبەزێت بۆ خولی یانە پلە دووەکانی ئەڵمانیا.



# ...ـات و چۆلۆش دیوارەکەی زیاتر هەڵدەچنێ

گەیشـتە یاری کۆتایی دوو بەربەسـتی گەورەی بڕی و بۆچوونـی زۆربـەی هەوادارانی وەرزشـی بەهەڵەدا بـرد، بـەڵام ئـەوەی سـەیرە ئەوەیە کە ئـەو یانەیە ئـەو بۆچوونەشـی هەڵگەڕانـدەوە کـە دەڵێـت «بە کۆنترۆڵکردنی تۆپ هەموو شتێک بەدەستدەهێنی».

سـەیر بکـەن لـە چـوار یـاری رابردوویـدا لـە چامپیۆنسـلیگدا کۆنترۆڵـی تۆپی ئەتلتیکـۆ مەدرید بەرامبەر بە یانەکانی بارسێلۆنا و بایرن میونشن چەند بووە:

**بەرامبەر بارسا**

یاری یەکەم 26 %
یاری دووەم 23 %

**بەرامبەر بایرن**

یاری یەکەم 26%
یاری دووەم 27%

لە کۆتاییشـدا ئەتلتیکۆ مەدریـد لە یاری کۆتاییە و بارسـێلۆنا و بایرن موینشـنیش لە ماڵەوە سەیری یارییەکە دەکەن.



### سان سیرۆ لەنێوان ڕەخنەی مێدیا و حەسرەتی خاوەنەکانیدا

یاریگەی سانسـیرۆ لە شاری میلانۆی ئیتاڵیـا، بـاوەش بۆ یـاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا دەکاتـەوە، ئەمـە جـاری چوارەمـە لە مێـژوودا ئەو یاریگەیـە بـۆ ئەنجامدانی یـاری کۆتایـی خولەکـە هەڵببژێردرێت.

پێشتر لە ساڵەکانی 1965، 1970 و 2001 یاریگەکە باوەشی بۆ فاینالی پاڵەوانییەتییەکە کردبووە، کـە یەکێکە لەو یاریگانـەی زۆرترین جـار یاری کۆتایی ئەم پاڵەوانییەتییەی لە ئامێزگرتووە.

سانسیرۆ، کە ناویشـی لێندراوە جۆزێپی میـازا، ئەو یاریزانەی کـە یاری بۆ هەردوو یانەی ئەی سـی میـلان و ئینتەرمیـلان کـردووە و لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا 2 جار جامی جیهانی لە ساڵەکانی 1934 و 1938دا بەدەستهێناوە.

زیاتر لە 80 هەزار هاندەر دەتوانن لە سانسـیرۆدا بینـەری یارییەکان بن، ئەم یاریگەیە لە زۆربەی کاتە هەسـتیارەکاندا بژاردەی یەکەم بووە بۆ هەڵبژاردەی ئیتاڵیـا کـە یارییەکانی لەوێ ئەنجام بـدات، بەهۆی ئەوەی کە پاڵپشـتییەکی مێژوویی هەموو ئەو تیپانە بووە کە بە خاکی خۆیان زانیوە.

ئـەم یاریگەیـە لـە سـاڵی 1925 دروسـتکراوە، ناوەکەشی بۆ کەنیسەیەک دەگەڕێتەوە کە لە تەنیش یاریگەیەکـەدا هەیـە و ناوی سانسـیرۆیە، هەر بۆیە یاریگەکەشیان بە ناوی سانسیرۆوە کرد.

بۆ یاری کۆتایی ئەمسـاڵیش، چەند ڕۆژێک پێش ئێسـتا مێدیا ئیسـپانییەکان ڕەخنەیەکی زۆریان لە یاریگەکە و چیمەنەکەی گرت، بەو پێیەی لەم وەرزەدا لەلایـەن یانەکانی میلان و ئینتەرمیلانـەوە 76 یاری فەرمی لەسەر ئەنجامدراوە و چیمەنەکەی خراپ بووە، ئەمـەش لـە شـکۆی یاریگەکـەی کەمکردووەتەوە و دوودڵیشی تووشی هەردوو یانە مەدریدییەکە کردووە.

جیا لەوەش، یانەکانی خاوەنی ئەم یاریگەیە کە میلان و ئینتەرمیلانن، ئەوا چەند ساڵێکە لە نازناو، تەنانەت لە بەشداریکردنیشیان لە خولی پاڵەوانەکانی ئەورووپا دوورن،



ڕووبەڕووبوونەوەی دوو یانەی ئیسپانیا لە خاکی میلاندا خۆی لە خۆیدا شکاندنی ریکۆردی یانەکانی شاری میلانە کە 16 جار گەیشتبوونە کۆتایی چامپیۆنسـلیگ، لە هەمووشی خەفەتاوی تر ئەوەیە، کە ئەم ریکۆردە لە یاریگەیەکدا دەشکێت کە هەردوو یانەکەی میلانۆ خۆیان بە خاوەن و پیاوی ماڵ دەزانن.

### جامـە دووگوێیەکـە دیارییەک لە فەڕەنساوە بۆ ڕیال مەدرید

هەموومان ئەو جامە دەناسینەوە کـە هەمـوو سـاڵێک لە سـەرەتاوە تاوەکـو کۆتایی چاوەڕێی ئەو کاپتنە دەکەیـن کە دێت و بـەرزی دەکاتەوە، بێگومان هەموو چاوەڕوانییەکان بۆ خولی پاڵەوانەکانی ئەورووپایە.

جامـە دووگوێیەکە، کـە نازناوی جامی چامپیۆسـلیگە لە سـاڵی 1950 ڕۆژنامەی لکیپـی فەڕەنسـی بەناوبانـگ وەک دیاری بەخشـییە ڕێکخەرانـی پاڵەوانیەتـی «پاڵەوانانـی ئەورووپا» کە ئـەوکات ئەمە نـاوی خولەکە بوو، ئیدی لەو سـاڵەدا ڕیال مەدریـد نازنـاوی خولەکەی بـردەوە و ئەو جامەشی کە لکیپ بە دیاری بەخشیبووە یۆفا، لۆس گالاکتیکۆس بەرزیکردەوە.

ڕیـال مەدریـد 6 نازنـاوی ئۆرجینالـی ئـەم پاڵەوانیەتییەی لە خەزێنەدا هەڵگرتووە، چونکە ئەو سـەردەمە وابوو کە هەر یانەیـەک ببوایە بە یەکەمی پاڵەوانیەتییە، ڤیرژنی ئۆرجینالی جامەکەیان پێ دەدا، بەڵام لە ساڵی 2009 یاساکە گۆڕا و هەر یانەیە 3 جار لەسـەریەک یانیش 5 جار لە مێژوویدا ئەم نازناوەی بەدەستهێنابێ ئەوا جامێکی ئۆرجینالی دەدەنێ.

کێشـی جامەکـە 8 کیلۆگرامـە و بەرزییەکەی 73 سانتیمەترە، لە زیوی سادە دروستکراوە. جۆرج ستادلمان ئـەو کەسـەیە کە دیزانـی جامەکەی کردووە و نرخەکەشـی 10 هەزار دۆلار زیاترە.

دروسـتکردنی ئـەم جامـە نزیکـەی 340 کاژێـری پێویسـتە و دوا وادەش بـۆ دروسـتکردنی جامی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەمساڵ 28ی مانگی ئادار بوو.

### بلیتی یاری کۆتایی لە کڕین نایەت

بـەرە بەرە لـە یاری کۆتایی خولـی پاڵەوانەکانی ئەورووپـا نزیک دەبینـەوە و ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕیال مەدریـد و ئەتلەتیکۆ مەدرید نرخـی بلیتەکانی یاری کۆتایی فڕاندووە.

یاریگـەی سانسـیرۆ کـە جێگـەی زیاتـر لە 80 هـەزار هانـدەر دەکاتـەوە، میوانـداری ئـەم یارییـە دەکات و کەمتریـن نرخی بلیتیش لە 1200 دۆلارەوە دەسـتپێدەکات و بەپێی شـوێن و جێگای دانیشـتن یانیش دوور و نزیکی لە یاریگەکەوە نرخەکان بەرزونزم دەکەن.

بەرزتریـن نرخی بلیـت بۆ ئەم یارییـە 24 هەزار دۆلارە، کە دەکاتە نزیکەی دوو دەفتەر و چوار سـەد وەرەقە، ئەمەش نرخێکی خەیاڵییە و ڕەنگە لە بازاڕی ڕەشدا زۆر زیاتربێت.



## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**یاری دۆستانە**
ئینگلتەرا - ئوسترالیا
هەینی 27/5/2016
09:45

**یاری دۆستانە**
ئێرلەندا - هۆڵەندا
هەینی 27/5/2016
09:45

**یاری دۆستانە**
ئەرجەنتین - هندۆراس
شەممە 28/5/2016
AM 02:30

**فینالی چامپیۆنسلیگ**
ڕیال مەدرید - ئەتلەتیکۆ مەدرید
شەممە 28/5/2016
09:45




## بڕوا ناکرێت

زۆر زەحمەتە بڕوا بەوە بکرێت کە گۆڵپارێزێک لە ژیانی خۆیدا 50 لێدانی سزای گەڕاندبێتەوە، ئەی بۆ یەکێک چیدەڵێی ئەگەر پێتبڵێن 150 لێدانی سزای گەڕاندووەتەوە؟!. بەڵام لە ڕاستیدا لیڤ یاشینی گۆڵپارێزی پێشووی هەڵبژاردەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بە درێژایی کاروانی وەرزشیی خۆی 150 لێدانی سزای گەڕاندووەتەوە. هەر بۆیەش لیڤ یاشین بە یەکێک لە باشترین گۆڵپارێزانی مێژووی تۆپی پێ دادەنرێت و وەک ئەفسانەیەکی تۆپی پێ ناوی خۆی تۆمارکردووە، کە بە جالجالۆکەی ڕەش ناسراو بوو.

### ڕێکخراوێکی مافەکانی ئاژەڵ هەڵوێست وەردەگرێت..

# ڕێگە نادرێت ڕۆناڵدۆ نمایش بکات

**رووداوی وەرزشی ـ THE SUN**

ڕێکخراوی بیتا، کە بایەخ بە مافی ئاژەڵان دەدات، بە بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی ڕازی نەبوو، کە ڕێگەی بە یانەی هێرفۆرد دا، کە لە ڕیزی یانە ئارەزوومەندەکان یاری دەکات، گایەکی زیندوو لەسەر یاریگەی ویمبلی نمایش بکات، لە میانی یارییەکەی بەرامبەر مۆربیس تاون لە یاری کۆتایی ئەو خولەی، کە یەکێتی ناوبراو بۆ ئەو تیپانە ڕێکی دەخات، کە لە خواروی یانە پلە چوارەکان یاری دەکەن.

یانەی هێرفۆرد داوای لە کارگێڕی یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی کردبوو، ڕێگەی پێبدات گایەک بەکاربێنێت کە ناوی (ڕۆناڵدۆ)یە، لە یارییان بەرامبەر مۆربیس تاون، وەک نەریتێکی باوی یانەکە لە هەموو یارییە گرنگەکانیان، بە مەبەستی هێنانی بەخت بۆ تیپەکە. بەگوێرەی ڕۆژنامەی THE SUNی ئینگلیزی، ڕێکخراوی بیتا بە توندی ناڕەزایی لەسەر بەکارهێنانی ئاژەڵێکی زیندوو، لە نمایشێکی ڕابواردن بەو شێوەیە ناڕەوایە دەربڕیوە، بۆیە داوای لە کارگێڕی کردووە هاندەرانی تیپەکە بەکاربێنێت لەجیاتی گایەکە، بۆ ئەوەی جلی هاوشێوەی گا لەبەر بکەن. بۆ ئەمەش ئەو ڕێکخراوە جیهانییە نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی جێبەجێکاری یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی کردووە و تێیدا هاتووە «ئاژەڵەکان بالوول نین، بۆیە ئێمە بۆت دەنووسین، تاوەکو ڕێگەپێدانەکەت بکێشیتەوە، کە پێشکەشی هێر فۆردت کردووە و پشت بە سیاسەتێک ببەستن، کە ڕێگە لە بەرکارهێنانی ئاژەڵ لە تۆپی پێ بگرێت».



### لە ماوەی 691 ڕۆژدا..

# ڤان گال شەیتانەکانی ریسوا کرد

**رووداوی وەرزشی ـ MU4**

سەرەڕای ئەوەی لویس ڤان گالی ڕاهێنەری هۆڵەندی، توانی نازناوی جامی یەکێتی یانەکانی ئینگلتەرا بۆ یانەی مانچستەر یونایتد بباتەوە، زۆربەی چاودێر و شرۆڤەکان پێیانوایە ئەو ڕاهێنەرە نەک هەر هیچی بۆ شەیتانە سوورەکان نەکردووە، بەڵکو دەشڵێن "شەیتانەکانی ریسوا کردووە".

ئەو چاودێرانە پشت بەو ژمارە و ئامارانە دەبەستن کە ڤان گال لە ماوەی 691 ڕۆژی کارکردنیدا لەگەڵ مانچستەریونایتد تۆماریکردوون، تەنانەت لە ڕووی داراییشەوە زیانێکی زۆری بە خەزێنەی ئەو یانەیە گەیاندووە. ئەوان دەڵێن "مانچستەر یونایتد لە ژێر سەرپەرشتی ڤان گالدا 103 یاری ئەنجامداوە، 54 یاری بردووەتەوە و لە 24 یاریدا یەکسان بووە و 25 یاریشی دۆڕاندووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە لەو یارییانەدا پشتی بە 53 یاریزان بەستووە، ئەم ژمارانەش لەچاو یانەیەکی وەک مانچستەر یونایتد بێجگە لە ریسوابوون هیچی دیکە ناگەیەنن". هەروەها ئەو چاودێرانە باس لەوە دەکەن کە ڤان گال لە ماوەی 2 وەرزدا 14 یاریزانی کڕیوە و 205 ملیۆن پاوەندی لە خەزێنەی شەیتانە سوورەکان خەرجکردووە، لە بەرامبەریشدا دەستبەرداری 31 یاریزان بووە و تەنیا 43 ملیۆن پاوەندی لە فرۆشتنیان دەستکەوتووە، واتە 162 ملیۆن پاوەند زیانی بەو یانەیە گەیاندووە بێئەوەی بتوانێت نازناوێکی پریمەرلیگ بباتەوە، تەنانەت نەیتوانی یەکێک لە گەورەترین و بەناوبانگترین یانەکانی جیهان بگەیەنێتە چامپیۆنسلیگ".



پێشبڕکێ



به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

مەروان روستەم لە هەولێر

بە لێدوانی:

( کلۆپی ناودارە، بیرۆکەی نازدارە )

---

رووداو وەرزشی

3 LOTTO

## چل و نۆ یەمین پێشبڕکێ

ژمارە (401) سێشەممە 2016/5/23

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوە و خەڵات ببەرەوە






هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

رووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە

RÛDAW

(رووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

www.rudaw.net

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد

e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی

دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد